کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-1-2007 12:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دواخستنی لە سێدارەدانی (بەرزان و بەندەر) ... تەها دەروێش نادر

هۆڵەندا

سەدامی دیکتاتۆر ڕۆیشت، سزای خۆی وەرگرت، بەڵام کێشەی ئێمەی لەگەڵدا یەکلا نەکرایەوە !!!!!!



ئێستا کەش باس لەوە ئەکرێ، هەڵواسینی (بەرزان تکریتی وعواد بەندەر) دوا بخرێ یا خود ئەنجام نەدرێ، بەرامبەر ئەوەی لە ناوەڕاست و خواروی عێراق ئاڵۆزی وکاری کوشتن وبڕین کەم بکرێتەوە ئەویش بە هەوڵ وتەقەلای عەشایەرەکانی خوار و ناوەڕاستی عێراق.

ئەمەی هەیە ئەگەر جێ بەجێ بکرێ، تێ هەڵدانی شیعەیە لە مێژوو وهەڵوێستی دوێنێ ی خۆی کە بوێرانە لە سەر حسابی تۆڵەی خۆیان سەدامیان کرد بە پەتا و لووتی هەموو عەرەبیان شکاند.

ئەگەر مناوەریەکی سیاسیش بێ لەگەڵ مەسەلەکان هەر بە زەرەری شیعە ئەشکێتەوە، سبەی کەس وکاری سڵتان وجبوری باقی یەکەی تر بە ناوی عەشیرەتە کانیانەوە لیبوردن وەردەگرن، هەموو ئەو دوژمنکاریانەی پێشویان بۆ ئەسڕێتەوە، لەم لاشەوە تیرۆریستان زیاتر پێ دائەگرن خراپەکاری ڕوو لە زیاد بوون ئەکات، لاوازی حکومەتەکەی (مالکیش) لە ئێستا زیاتر پاشا گەردانی چاوەڕوانێتی، چونکە ئەو ئەجندایەی تیرۆریستان کاری لە سەر ئەکەن لە ناوەوەی عێراق نیە بە تەنها، بەڵکو ترسێکی گەورەی وولاتانی عەرەبی یە لە ئێران بۆ دروست بوونی پانتایەکی فراوانی مەزهەبی شیعە لە ناوچەکەدا گواستنەوەی (مەرکەزی سوقلی شیعە) لە شاری (قوم) وە بۆ (نەجەف و کەربەلا) و دواتر بۆ بە دیهێنانی خەونەکانی تر.

ئەی کوردە حەیاتەکە؟!!

پێدەچێ نە شەریک بێ و نە خەریک، ئەوەشی بەسەریا هاتوە بکرێتە قوربانی چاوی ڕەشی (یابە) کان، هەروەها کورد نە لەگەل بەعس کێشەی هەبوە و نە لەگەڵ کەسی تر.

پیاوێکی وەک (عەواد بەندەر) ئەویش وەک سەدام دووربوە لە کوشتن و بڕین دەرهەق کورد و کوردستان، ماوەتەوە بڵێم (ئێمە مەمنون برایانی عەرەب) .